# چالاکیەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بە بۆنەی یەکی ئایارەوە لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا .

لە دوا نیوەڕۆی ڕۆژی 2 ئایار ، ڕێکخستنی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بەشداری ئەو کۆبونەوەو خۆپێشاندانەی کرد کە زیاتر لە دوو هەزار کەس لە کرێکاران و چەپ و کۆمۆنیستەکان و خەلکی ئازدیخواز ئامادەی بوون بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارانەوە ، کە لە لایەن ڕێکخراوی ( کەس نا یاسایی نیە ) ڕێکخرا بوو . هەر لەوێدا هاوڕێانی حیزب هەستان بە بەرزکردنەوەی وێنەی مەنسور حیکمەت و مارکس کە لەسەری نوسرابوو (دونیا هێشتا پێویستی بە مارکسە بۆ گۆڕینی ).
















لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا مەراسیمێک لە لایەن هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە ئەنجام درا کە نزیکەی 150 کەس ئامادەی بوون . سەرەتا مەراسیمەکە بە سروودی ئەنتەرناسیۆنال دەستی پێ کرد ئەنجا سێ کەس ووتەیان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارەوە پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە ( بروس ئالن) ، حەمیدی تەقوایی لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ، وە سەمیر نوری ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق . بە دوای ئەوەدا خواردنی ئێوارە خورا ئەنجا بەشی میوزیک و دانس و هەڵپەرکێ دەستی پێ کرد تا نزیک بە نیوە

شەو درێژەی کێشا و وە بە شۆر و شەوقەوە مەراسیمەکە کۆتایی هات . شایانی باسە لە هۆڵەکدا چەندین وێنەی مارکس و مەنسور حیکمەت و چەندین پۆستەری مەرکەزی هەردوو حیزب کە بە بۆنەی 1 ئایارەوە بوون هەڵواسرابوون .
















- http://www.babakyazdi.com/Films/Samir-Mayday09.wmv

## رێکخستنی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق

4 ی ئایاری2009